Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz,
OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.03 00:37:22 +01'00'

# شین و شادی

**هاوڕێ باخەوان**

بەڕوودانی هەردوو کارە تیرۆریستییەکەی رۆژی 2004-02-01, پرسەی ئەو رووداوە گشت لایەکی گرتەوە. زۆر کەس و لایەن لایان وابوو کەسانێك, نووسەرانێك هەن, تەنها بە ئامانجی تێکشکانی پارتی و یەکێتی و دوژمنایەتیکردنیان رەفتاردەکەن و دەنووسن. لێ خۆشبەختانە بەهۆی ئەو رووداوەوە دەرکەوت کە تەواوی نووسەران و ئەو خەڵکانەی هەردەم لە سەنگەری رەخنە و تێبینیی ئاڕاستەکەری پارتی و یەکێتیدا بوون, بە هەموو شێوەیەك دژی ئەو رووداوە وەستانەوە و هاوپرسەیی خۆیان بۆ یەکێتی و پارتی و کەسوکاری ئەوانە دەربڕی کە بەهۆی ئەو رووداوەوە لە کیسمان چوون. دەرکەوت ئێمە بەگشتی "هەرچییەك"مان نووسیبێت و هەر رەخنەیەکمان گرتبێت, تەنها بەهۆی دڵسۆزیمانەوە بووە بۆ باشتر رەفتارکردنی ئەو دوو لایەنە لەگەڵ رووداوەکاندا.

خودی خۆم لە زۆر کاروکردەوەی ئەو دوولایەنە تووڕە و نیگەرانم, بەڵام ناکرێت لە رووداوێکی وادا هاوسۆزیی خۆم بۆ پارتی و یەکێتی دەرنەبڕم و توندتر بەڕووی تیرۆر و بیری تیرۆردا نەوەستمەوە.

شینی ئێمە بە وشەیە و شینی ماڵپەڕە کوردییەکانیش بە باکگراوندی رەش و بڵاوکردنەوەی پرسەنامەکانە. ئەو شینە شادییەکی زۆری بۆ من دروستکرد, ئەو شادییەش یەکڕیزیی خەڵکی کورد, نووسەری کورد, ماڵپەڕی کورد و رۆژنامە و تەلەڤزیۆنی کوردییە لە هاوسۆزیی پارتی و یەکێتی و خەم خواردن بۆ ئەو کەسانەی لە کیسمان چوون. شادیی وەستانەوەی هەموومانە بەیەك شێوە لە دژی تیرۆر[1].

یەکێتی و پارتیش دەبێت لەم شینەدا زۆر بەوە شاد بن کە لەکاتی کارەساتدا خەڵکی کورد بەو شێوەیە هاو سۆز و هاوپشتییانە. دەبێت ئەوانیش ئەم هاوسۆز و هاوپشتییە بکەنە هەستێکی بەرامبەری دوولایەنانە. چونکە جگە لە خەڵکی کورد "هیچ کەسێك" هاوسۆزی ئەوان نییە لەم رووداوەدا و زۆریش بەو رووداوە خۆشحاڵن... و دەڵێن "بارك الله"...

2004-02-02

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com

[1] بەداخەوە کە پارتی و یەکێتی لە هەمان رۆژی رووداوەکەدا وەکو یەکڕیزیی خەڵکی کورد رەفتاریان نەکرد و هەردوولایان دوو بەیانی جیاوازیان بڵاوکردەوە. لەو رووداوەدا دەبووایە پارتی و یەکێتی یەك بەیانی هاوبەشیان دەربکردایە و کوردسات و کوردستان تی ڤیش بۆ ماوەی هەر سێ رۆژی پرسەکە بەرنامەکانیان بکردایەتە یەك..